## ئەنفالی نۆ... كــــی دەیكـــــات؟! ... مەجید سالْح*

پێش هەژدە ساڵ، لە رۆژی1988/2/23، هەموو دەزگا داپڵۆسێنەرەكانی بەعس بە سەركردایەتی عەلی كیمیاوی (كە لە لایەن سەددامی ئامۆزایەوە هەموو سەلاحیەتێكی كوشتن وبرینی لە كوردستان پێدرابوو) ، هێرشێكی بەربڵاویان بە ناوی (ئەنفالی یەك) دەسپێكرد بۆ سەركردایەتی یەكێتی نیشتمانیكوردستان لە دۆڵی جافایەتی. دوابەدوای ئەمەش حەوت ئەنفالیتر بۆ قڕكردنی كوردان دەستی پێكرد وكۆتاییەكەشی ئەنفالی هەشت بوو بۆ سەر بادینان. لە ماوەی كەمتر لەهەشت مانگدا هەموو گوندەكانی كوردستان كە زیاتر بوون لە چوار هەزار گوند لە گەڵ خاكدا یەكسان كران. نزیكەی 200هەزاركەس گیراو بێسەروشوێنكران وپاشان زانرا لە بیابانەكانی باشوری عیراقدا زیندە بەچاڵكراوون. شۆڕشێكی گەورەو گران بۆ جاری دووەم لە ماوەی سیازدە ساڵدا ئاودیوی سنورەكان كراو جگە لە هەندێك پارتیزان نەبێت، هیچ بوونەوەرێك لە ناوچە محەرەمەكاندا نەما. لەوەدەمەدا هیچ ویژدانێكی ئینسانی وئیسلامی ئاورێكی بەزەییان لی نەدایەوە. لە راستیدا لە ئەنفالدا ئێمە تەنها ترین تەنهای رووی سەر زەوی بووین، لەو ساتە وەختەدا تەنانەت خۆشمان بەزەییمان بە خۆماندا نەدەهاتەوە و بەرببوینە گیانی یەكتری. لە ئاسۆی كەم كەسدا تروسكاییەك ئومێد دەبینرا.

ئێستا هەژدە ساڵی تەواو بە سەر ئەو زنجیرە ئەنفالانەدا تێپەڕ دەبێت ودۆخەكە زۆر پێچەوانە بووەتەوە. كوردی قوربانی ئەو دەم بوەتە حوكمڕانی ئەمڕۆی عیراق. زۆربەی هەرەزۆری گۆڕە بەكۆمەڵەكانی ئەنفال دۆزراونەتەوە. حكومەتی هەرێمی كوردستان بەرەسمی لە لایەن نەتەوە یەككرتوەكان وخودی بەغداوە دانی پێدرا نراوە. و لە جیاتی حكومەتێك دوانمان هەیە. ئێمە كە نەماندەزانی مافی مرۆڤ هەیە، ئێستا دوو وەزارەتمان هەیە بۆ مافی مرۆڤ وئاوارەو ئەنفال! ئەو دەم تەنیا یەك زانكۆمان هەبوو، شكور بۆ خوا ئێستا چواری گەورەو كۆمەڵێكی تری بچوك بەرێوەن ولە هەموو شارو شارۆچكەیەك كۆلیژ وپەیمانگا وەك خۆڵ وایە. كوتە تەلەفزیۆنێكی ئەرزیمان هەبوو،ئێستا چەندین كەناڵی ئاسمانی ورادیۆ و رۆژنامەی رۆژانەمان هەیە، دەیان دەزگای روناكبیری وەك سەردەم وگەلاوێژ ورەهەند وگولان وئاراس.... .. لە كوردستاندا كراونەتەوە. لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە ئەنجامدەرانی پەلامارەكانی ئەنفال (جگە لە كوردەكانیان) زۆربەیان بە جەلادەكەشەوە لە قەفەسی تاوانبارانڵدا چاوەڕوانن دوای كێشەی دوجیل دادگایی بكرێن.

.... بەڵام ئایا ئەنفال كۆتایی هاتوە؟

من پێم وایە بە خوێندنەوەیەكی سادەی واقعی حاڵ، دەبێت لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا بی هیچ دوودڵییەك و زۆر بە سادەیی بڵێن نەخێر. ! راستە ئەنجامدانی پرۆسەكە لە رووی پراكتیكی سەربازییەوە راگیراوە وئێستا هیچ هێزێكی سەربازی لەگۆڕێدا نییە. ئەوەش راستە كە تەنانەت داگیركەرێكی عیراقی (جگە لە شارەكانی كەركوك وخانەقین وسنجار) لە كوردستانی باشور بوونی نەماوە. بەڵام ئایا ئێمە توانیومانە لە ماوەی 14 ساڵی رابردوودا ئەنفال وەكو خۆی بناسین؟! ئایا توانیومانە تارمایی دووبارە نەبوونەوەی ئەنفالێكی تر بە لای كەمەوە لای گەرمیانیەكان برەوێنینەوە؟ یاخود چیمانكردوە بۆ بەزیندوو هێشتنەوەی ئەنفال لە یادەوەری نەوەكانی ئایندەدا؟ بە رای من نەناسینی ئەنفال لە لایەن خۆمانەوە بۆ خۆیبە شێوەیەك لە شێوەكان درێژە پێدەری ئەنفالەكانە.

چونکە کارەساتێکی مەزن روویداوە، نەتەوەیەك بە رێکەوت لە لێواری قڕکردن گەڕاوەتەوە، کەچی ئەو هەموودامەزراوە سیاسی وکولتوری وزانستیانەی کە14 ساڵە درووستی دەکەین وخۆمانی پێ هەڵدەکێشین، نەیانتوانیوە ئەم کۆستە گەورەیە وەك خۆی بخوێننەوە، وەك خۆی ئەرشیفیکەن، وەك خۆیرەهەندە یاسایی وسیاسیەکانی بزانن. تەماشاکەن لەم چواردە ساڵەدا،کام زانکۆی ئێمە کۆنفرانسێکی زانستی لە سەر ئەنفال رێك خستوە؟ کام دامەزراوی کولتوری حەلەقاتی مناقشەی لە سەر ئەنفال ئەنجام داوە؟. کام وەزارەت لەو دوو وەزارەتەی مافی مرۆڤ وئەنفال توانیویانە ئەرشیفێك بۆ بەڵگەنامەو دیکۆمێنتەکانی ئەنفالەکان درووست بکەن و مۆنیمینتێك یان مۆزەخانەیەکی تایبەت بەومەرگەساتەبکەنەوە. ؟ ئایا ئوستادەکانی یاسا و زانستە مرۆڤایەتیەکانی ئێمە توانیویانە هێندەی کەنعان مەکییە وتیسیر الالوسی ومونزیر ئەلفەزل وکازم حبیب و... کە بە رەگەز عەرەبن لێکۆڵینەوەی زانستی لە سەر ئەنفالەکان بنووسن. ؟؟ ئەی چیرۆك نووسە بەناوبانگەکانمان چەند رۆمانو چیرۆك وداهێنانی ئەدەبیان لە بارەی ئەنفالەوە نووسیوە.

ئایا یەکێك لەو دووحکومەتە هێندە ئێمە بیی ئەوە کوردایەتیان تێدا نەماوە بتوانن تەرمی پیرۆزی کەس وکارەکانمان لە بیبانەکانی غەریبی بهێننەوە ولە گۆڕستانێکی شایستەدا بیانێژن؟ جیاوازی چییە لە نیوان کەس وکارە بارزانییەکانمان وئەوانەی لە گەرمیان وهەڵبجە. وبالیسان ودوکانەوە بران و زیندەبەچاڵ کران؟؟ بۆ ئەوان بەو رێزو ئیحترامەوە (کە حەقی خۆیانە) بهێنرێنەوە، کەچی کەس وکاری ئەنفالەکانی گەرمیان بە حەسرەتی بینینی گۆڕی کەس وکارەکانیانەوە سەر بنێنەوە.... .... .... ئایاهەموو ئەوانە ناکەنە ئەوەی بلێن ئەنفالەکان بەردەوامن. بەداخەوە دەلێم، ئەنفالی نۆ بەردەوامە. بەلاًم کارەساتەکە لەوەدایە پاڵەوانانی ئەنجامدەری ئەنفالی ئەمجارە خودی خۆمانین..

*سەرنووسەری گۆڤاری الانفال